# بەڵگە سەلەفی یەکان

# بۆ بەرپەرچ دانەوەی بیدعەچی یەکان

**بەشی یەکەم**

م/ عبدالكريم محمد قادر

ئیمام وخەطیبی مزگەوتی ئیمان لە سلێمانی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين، أما بعد:

بیروباوەڕی سەلەفی‌یەکان بیروباوەڕێکە بەمیرات بۆیان بەجێ ماوە لە پێغەمبەرﷺ وهاوەڵانەوە(ﭫ)، شوێن کەوتوانی سەلەفی صالح هەموو حەقێکیان تێدا کۆبۆتەوە، لەبەر ئەوەی بەرنامەیان شوێن کەوتنی سوننەتە و ئاگاداری خەڵکی ئەکەن خۆیان لەبیدعە بپارێزن، بیروباوەڕیان بیروباوەڕی پێغەمبەرەﷺ، پێشەوای سەلەفی‌یەکان تەنها رسول اللەیەﷺ، چین بە چین ئەو بیروباوەڕە بلأو ئەکەنەوە لە ناو گەلەکەیاندا .

بەڵگەیش لەسەر ئەم ڕاستی‌یە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرەﷺ:

( لا تزال طائفة من أمتي قائمة بأمر الله لا يضرهم من خذلهم أو خالفهم حتى يأتي أمر الله وهم ظاهرون على الناس)(1).

هەرکاتێك تێکدەرێك بەکاربهێنرێت بۆ تێکەڵ کردنی حەق بەبەتاڵ و شێواندنی ڕاستی‌یەکان، یان تێکدەرێك ڕەخنە بگرێت لەبیروباوەڕی سەلەفی‌یەکان ئەبینین شوێن کەوتوانی سەلەفی صالح پێش برکێ ئەکەن بۆ بەرپەرچ دانەوەی و ئاشکراکردنی پوچەڵی‌یەکانی بیدعەچی یەکان بە بەڵگەی شەرعی (قورئان و سوننەت) وبەڵگە عەقڵی‌یەکان، ئەمەش سەرخستنی خوایە بۆ سەلەفی‌یەکان و پشتگیری کردنیانە.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إنا لننصر رسلنا والذين آمنوا في الحياة الدنيا ويوم يقوم الأشهاد﴾ [غافر: ٥١].

---

١- (رواه البخاري: ٣٦٤١، ٧٣١٢)، و(مسلم: ٤٩٣٢) من حديث معاوية بن أبي سفيان(رضي الله عنهما).

واتە : بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرانی خۆمان و بڕواداران لە ژیانی ئەم دنیایەدا یارمەتی ئەدەین، وە لەڕۆژی قیامەت کە شایەتان هەڵدەستن بەشایەتی دان .

هەروەها ئەم سەرخستنە پارێزەری خوایە بۆ دینی حەق کە ئیسلامە، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ إنا نحن نزلْنا الذكْر وإنا لَه لَحافظُونَ﴾

[ الحجر: ٩] .

واتە : بەڕاستی ئێمە قورئانمان نارد و بەڕاستی ئێمە پارێزەری ئەویشین.

**بەرچ دانەوەی بیدعەچی‌یەکان لەگەورەترین بەرهەڵستی کردنی خراپەکانە** .

زۆرێك لە موسڵمانان –ولله الحمد- هەستاون بە چەسپاندنی فەرمان کردن بە چاکەو قەدەغەکردنی خراپە .

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿كُنتم خير أُمة أُخرِجت للناسِ تأْمرونَ بِالْمعروف وتنهونَ عنِ الْمنكَرِ﴾

[ آل عمران: ١١٠] .

واتە: ئێوەی موسڵمان چاکترین کۆمەڵن کە لەناو خەڵکدا هاتنەدەرەوە، چونکە فەرمان بەچاکە ئەکەن و ڕێ لە ناڕەوا ئەگرن.

وەدەفەرمێت:

﴿ولْتكُن منكُم أُمةٌ يدعونَ إِلَى الْخيرِ ويأْمرونَ بِالْمعروف وينهونَ عنِ الْمنكَرِ ﴾

[ آل عمران: ١٠٤].

واتە: ئەبێ لە نێو ئێوەدا کۆمەڵێك ببن فەرمان بەچاکە بکەن وڕێ لەخراپە بگرن.

عن أبى سعيد الخدري(رضي الله عنه)قال سمعت رسولَ الله(صلى الله عليه وسلم) يقول: (من رأى منكم منكراً فليغيره بيده، فان لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه، وذلك أضعف إلايمان)[٢] .

وشەی (المنكر)لە هەردوو ئایەتەکەدا، هەروەها وشە(منكراً) لەفەرموودەکەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) گشتی‌یە و هەموو خراپەیەك ئەگرێتەوە .

إمام (ابن تيمية) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (ئەو خراپەیەی کەخوا وپێغەمبەرەکەی(صلى الله عليه وسلم) قەدەغەیان کردووە گەورەترینیان هاوبەش بۆ خودا پەیدا کردنە کەبریتی‌یە لە: پەرستن وپاڕانەوە لەغەیری خوا، وەکو (خۆر، مانگ، ئەستێرەکان یان مەلائکەیەك لەمەلائیکەکان، یان پێغەمبەرێك لەپێغەمبەرەکان–سەلامی خوایان لەسەر بێت –

---

٢- (رواه مسلم: ١٧٥).

یـان پیـاو چـاكێك لەپیاوچـاكەكان، یـان یـەكێك لەجنۆكـەكان–یـان پەیكـەری ئەمانـە، یـان گۆڕەكانیان یان هەرشتێكی تر كەبەپەرسترێت لەغەیری خوا، یان هانای بۆ ببرێت یان كڕنوشی بۆ ببرێت یان گوێڕایەڵی وملكەچی بۆ بكرێت لە غەیری خـوا، ئەمانـەو وێنـەی ئەمانـەش هـەر هـەمووی هاوبەشـی بـۆ خـودا پەیـدا كردنـە كـە خـوا حـەرامی كـردووە لەسـەر زوبـانی هـەموو نێراوەكانی خۆی).

هەروەها لەخراپەیە هەموو ئەوكارانـەی كـە خـوا حـەرامی كـردووە، وەكـو كوشـتنی خـەڵك بـە ناحەقی، ماڵی خەڵكی بەبەتاڵ خـواردن، بـەداگیر كردنـی یـان بەسـوو یـان بـەقومار، هـەروەها هەموو كڕین و فرۆشتنێك كە پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی كردووە.

هەروەها هەموو بچڕانی پەیوەندی خزمایەتی و ئازاردانی دایك وباوك ودزی كـردن لـە كێـشانەو پێوانەدا و ستەم كردن، هەروەها هەموو پەرسـتنێكی بیـدعییانـە كەلـە شـەریعەتی ئیـسلامدا نییە)[٣] .

ئاشـكرایە لای زانایـان كـە خراپــەكان پلــەیان جیـاوازە، ئـەو خراپەیــەی كـە گومانـاوییـە وەكو(بیدعە) خراپەكەی گەورەترە لەو خراپەیەی كە ئارەزوییە وەكو (زینـاو نێربـازی)لەگـەڵ ئەوەشدا هەردووكیان لەگوناهە گـەورەكانن، بـەڵام هەنـدێك لەموسـڵمانان كاتێـك زانیـاری بـوو بەخراپەیـەكی ئـارەزوی دەرونـی داوای كردنـی ئـەكات تـا پـێی ئـەگات و زۆر مانـدو ئـەبێت تادەستی ئەكەوێت، بەڵام كاتێك زانیاری بوو بەخراپەیەكی (گوماناوی) لەبیدعە ئەو هەوڵدانەی بۆ ناكات بەڵكو ڕاستەوخۆ سەری بۆ ڕائەوەشێنێ یان ئەڵێت: (إنا لله و إنا إليه راجعون) ئەمەش كارێكی هەڵەیە و پێچەوانەی بەڵگـە شـەرعییەكانـە وپێـچەوانەی بەرنامـەی سـەلەفی صـاڵحە، لەبــەر ئــەوەی بەرنامــەی سـەلەفی صـالح كـە باشـترین خـەڵك بـوون لـەدونیادا قـسەی زۆر توندوتیژیان هەیە بەرامبەر بیدعەكان زیاتر لەتوند وتیژی یان دەربارەی گوناهەكانی ئارەزوی.

* إمـامی (البربهاري)( ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) فەرموویـەتی: ئەگـەر پیاوێكـت بینـی لەسـەر سوننەت بوو بەڵام گوناهی ئەكرد لەغەیری بیدعە هاوەڵی بكەو لەگەڵیدا دابنیشە، لەبەر ئەوەی گوناهەكەی بۆ خۆیەتی وزیانـت پـێ ناگەیـەنێ، بـەڵام ئەگـەر پیاوێكـت بینـی زۆر هـەوڵی خـوا پەرستی ئەدات و گۆشەگیرە و خاوەنی بیدعەیە، لەگەڵیدا دامەنیـشە وگـوێ لەقـسەی مـەگرەو لەگەڵیدا مەڕۆ لەڕێگادا، لەبەرئەوەی دڵنیانیم كە ڕێگەكەی بەباش نەزانیت وشوێنی بیدعەكـەی بكەویت.

* إمام (یونسی كوڕی عبید) كوڕەكـەی خـۆی بینـی هاتـەدەرەوە لای بیدعەچـییـەك، (فەرمووی: ئەی كوڕە خۆشەویستەكەم لەكوێوە هاتیت؟ ووتی: لای فلان كەسەوە. فـەرمووی:

٣- رسالة الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر: ص١٦-١٧).

ئەی کوڕە خۆشەویستەکەم، ئەگەر بتبینم لای نێرەموکێك بێیتەدەرەوە پێم خۆشترە لای فلان کەسی بیدعەچی بێیتەدەرەوە. پاشان فەرمووی: ئەگەر بگەی بەخوای گەورە لەڕۆژی دوایدا ئەی کوڕە خۆشەویستەکەم بەزینا کردن و گوناهباری و دزی وناپاکی یەوە پێم خۆشترە لەوەی بگەی بە خوا بەقسەی فلان وفلانی بیدعەچی.
ئایا نابینی یونسی کوڕی عبید چاکی زانیوە کە نێرە مووك ناتوانێت کوڕەکەی گومڕا بکات بەڵام بیدعەچییەکە گومڕای ئەکات تاکافری ئەکات)[٤] .
* إمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (ئەگەر بەندەیەکی خوا بگا بە خوا لەڕۆژی دوایدا بەهەموو تاوانێکەوە بێجگە لەهاوبەشی بۆ خودا پەیداکردن چاکترێکە بگا بە خوا بەهەندێك بیدعەوە)[٥].
* إمامی أحمد(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (گۆڕی شوێن کەوتوانی سوننەت کە تاوانی گەورەیان هەیە جگە لە هاوبەش پەیداکردن باخێکە لە باخەکانی بەهەشت، گۆڕی بیدعەچییەکان کە زوهدیان هەیە چاڵێکە لە ئاگر، گوناهبارانی شوێن کەوتوانی سوننەت دۆستی خوان، زوهادی بیدعەچییەکان دوژمنی خوان )[٦].
* إمامی (سعیدی کوڕی جبیر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (ئەگەر کوڕەکەم هاوەڵی گوناهبارێکی شوێن کەوتەی سوننەت بکات پێم خۆشترە لەوەی هاوەڵی بیدعەچییەك بکات)[٧].
* إمامی (إبن تیمیة) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (شەڕی بیدعەچی یەکان زیاترە لە شەڕی گوناهبارە ئارەزوییەکان بە بەڵگەی سوننەت و کۆڕای زانایان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە بەشەڕ کردن دژی (الخوارج)، وە قەدەغەی شەڕ کردنی کردووە دژی پێشەوا ستەمکارەکان)[٨].
* إمام (إبن القیم) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (زۆربەی بیدعەچییەکان خوا پەرستی یان بە حەرامەکانە و بەگومانی خۆیشی گوێڕایەڵی خوایە و کاری چاك ئەنجام ئەدات بۆ نزیك بونەوەی لەخوا، حاڵی ئەم بیدعەچییانە خراپترە لەکەسێك کە تاوان بە گوناە بزانێت

---

٤- (شرح السنة: ص١١٤-١١٦).
٥- (أخرجه البيهقي في الاعتقاد: ص١٥٨).
٦- (طبقات الحنابلة: ١٨٤/١).
٧- (الشرح والإبانة عن أصول الديانة رقم: ٨٧).
٨- (مجموع الفتاوى: ٦٠/٢٠).

و خۆی بەگوناهبار بزانێت، بیدعە چیەکان ئەیانەوێت بە گۆرانی ودەهۆڵ لێدان نزیك ببنەوە لە خوا و بەبۆچونی خۆیان دۆستی خوان، بەڵام لەحەقیقەتدا دۆستی شەیتانن)[٩] .

با چاك بزانین کۆتایی ئەم نەتەوەی ئیسلامە چاك نابێت ئیلا بەو بەرنامە حەقە نەبێت کە نەتەوەی ئیسلامی پێ چاك بووە لەسەرەتادا.

کەوابوو: ئەی گەنجانی بەردەوام لەسەر حەق، ئەی پیرانی هیدایەت دراو بگەڕێنەوە بۆ ئەو حەقەی کە سەلەفی صالحمانی لەسەر بووە، ئاڵای بەرپەرچ دانەوەی بیدعەچیەکان هەڵگەن بۆ پارێزگاری لە شەرع وپاك سازی ڕیزەکانمان.

ئاوەڕ مەدەنەوە لە پوچەڵی ئەو کەسانەی کەهەستان ئەجولێنن بۆ بیدعە کردن، ئەوانەی کە بەچاکی ئەزانن نەتەوەی ئیسلام پارچە پارچە بێت نەك یەك بگرێت لەسەر حەق، بیدعەچی-یەکان پێچەوانەی سەلەفی صالحن .

کەوتونەتە داوی شەیتانەوە کە گومڕای کردوون بەزۆرو بۆر، بیدعەچیەکان لەبەر نەفامیان لەبیریان چووە کە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ ويوم حنين إِذْ أعجبتكُم كَثْرتكُم فَلَم تغن عنكُم شيئًا﴾ [التوبة: ٢٥].

واتە: لەڕۆژی حونەین لەو کاتەی کەلە زۆربوونی خۆتان سەرتان سوڕما، بەڵام زۆربوونتان هیچ بەهرەی بۆ نەدان و لە هیچ شتێك ئێوەی بێ نیاز نەکردو کۆسپێکی لەڕێتان لانەبرد.

لەبیریان چووە بە هۆی ڕۆچونی بەسۆزیانەوە کە سەرکەوتن پەیوەستە بە پیادە کردنی ئیسلام بە گوێرەی بەرنامەی سەلەفی صالح وەکو چۆن لە خوداوە هاتووە.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وعد الله الذين آمنوا منكُم وعملُوا الصالحات لَيستخلفَنهم في الْأَرضِ كَما استخلَف الذين من قَبلهم ولَيمكنن لَهم دينهم الذي ارتضى لَهم ولَيبدلَنهم من بعد خوفهم أَمنا يعبدونني لَا يشرِكُونَ بِي شيئًا﴾ [النور: ٥٥].

ئەمەش بەڵێنی خودایە و خوداش لێی پەشیمان نابێتەوە.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وعد الله لَا يخلف الله وعده ولَكن أَكْثَر الناسِ لَا يعلَمونَ﴾ [الروم: ٦٦].

واتە: خودایە بەڵێنی داوە ولێی پەشیمان نابێتەوە، بەڵام زۆربەی خەڵك نازانن.

**پێشەکیەك بۆ (١٠) بنچینەی زانستی شەرعی:**

زانایان (١٠) بنچینەی زانستی شەرعیان کۆکردۆتەوە پاڵپشت بە بەڵگەی شەرعی زۆر بە سودە بۆ بەرپەرچ دانەوەی بیدعە چیەکان کە زمان درێژی ئەکەن لەسەر شوێن کەوتوانی

---

٩- (إغاثة اللهفان: ٢/١٨١).

سوننەتی پێغەمبەرﷺ، بیدعەچی‌یەکان زۆرن و شێوەیان جیاوازە داواکارم لە خوای گەورە کە زۆریان نەکات .

**بنچینەی یەکەم**: ئێمەی موسڵمان فەرمانمان پێ کراوە لە کاتی کێشەو ناکۆکیدا بگەڕێینەوە بۆ لای قورئان و سوننەتی صحیح بۆ زانینی حەق لەبە تاڵ و ڕاستی لەهەڵە.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَإِن تنازعتم في شيءٍ فَردوه إِلى اللّه والرسول إِن كُنتم تؤمنونَ بِاللّه والْيوم الآخرِ﴾ [النساء: ٥٩].

واتە: ئەگەر لەمەبەستێکدا پێك نەهاتن و تووشی جیایی بیروڕابوون ئەوا کێشەی خۆتان بگێڕنەوە سەر فەرموودەی خوا و پێغەمبەرﷺ ئەگەر بڕوتان بە خوا و ڕۆژی قیامەت هەیە.

وەدەفەرمێت:

﴿وما اختلَفْتم فيه من شيءٍ فَحكْمه إِلى الله﴾ [الشورى: ١٠].

واتە: وە لە هەرشتێکدا کە جیاوازیتان تێدا هەیە دادوەری‌یەکەی بەخوایە.

هەرکاتێك حەق ئاشکرا بوو لەبەتاڵ و هەڵەلە ڕاستی جیاکرایەوە موسڵمان هیچ بوارێکی لەبەردەمدا نی‌یە تەنها مل کەچی نەبێت بۆ حەق و فڕێ دانی هەوەس و ئارەزوەکانی.

وەدەفەرمێت:

﴿وما كَانَ لمؤمنٍ ولَا مؤمنة إِذَا قَضى الله ورسولُه أَمرا أَنْ يكُونَ لَهم الْخيرةُ من أَمرِهم﴾ [الاحـزاب: ٣٦].

واتە: وە بۆهیچ پیاو و ژنێکی بڕوادار ئەو مافەی نی‌یە کە هەرکاتێ خوا و ڕەسولی خواﷺ لەکارێکدا فەرمانیان دا بۆیان نی‌یە پەسەندی نەکەن.

وەدەفەرمێت:

﴿ فَلاَ وربك لاَ يؤمنونَ حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثُم لاَ يجِدواْ في أَنفُسِهم حرجا مما قَضيت ويسلمواْ تسليما﴾ [النساء: ٦٥].

واتە: بەڵام سوێند بە پەروەردگارت کە ئەوانە بڕوادار نابن، تا تۆ لە ناکۆکی خۆیاندا نەکەنە دادوەر، لە پاشان لە دادوەری تۆ لە دڵی خۆیاندا هەست بە ناڕەحەتی نەکەن، وەبەتەواوی تەسلیمی دادوەری تۆ بن.

ئەگەر مل کەچی حەق نەبن ئەوە بێگومان شوێن هەوەسی خۆیان ئەکەوەن. خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَإِن لم يستجِيبوا لَك فَاعلَم أَنما يتبِعونَ أَهواءهم﴾ [القصص:٥٠] .

واتە: جا ئەگەر ئەم پێشنیارەی تۆیان وەرنەگرت و وەڵامیان نەدایەوە جا بزانە کە تەنها هەواو هەوەسی خۆیان پەیڕەوی دەکەن.

شوێن كەوتنی هەوەس دینەكان خراپ ئەكات و شوێن كەوتنی هەوەسەكان بۆ ناو ئاگر ڕادەكێشێت، بۆیە سەلەفی صالح ئاگاداریان كردوین شوێن هەوەس نەكەوین.

* إمامی (مجاهد) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (نازانم كام نیعمەت لەم دوو نیعمەتە گەورەترە لام، نیعمەتی یەكەم: ڕێنموونی كردووم بۆ ئیسلام، نیعمەتی دووەم: پاراستومی لە شوێن كەوتنی هەوەس)[١٠] .

**بنچینەی دووەم :** بیروباوەڕ بەشێكی گەورەی ئیسلامە، بەڵگە لەسەری خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿الْيوم أَكْمَلْت لَكُم دينكُم وأَتممت علَيكُم نِعمتي ورضيت لَكُم الإِسلَام دينا﴾

[المائدة: ٣ ].

واتە: ئەمڕۆ دینی ئێوەم كامڵ كردو نیعمەتی خۆمم بۆ ئێوە تەواو كردووە، وە بۆ ئێوە بە دینی ئیسلام ڕازی بووم.

وە فەرموودەی جبریل كە بەناوبانگە، (كاتێك جبریل هاتە لای پێغەمبەری خواﷺ پرسیاری لێ كرد دەربارەی ئیسلام و ئیمان و إحسان، دوای وەڵام دانەوەی پرسیارەكانی جبریل، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەوە جبریل هات بۆ لاتان تا دینەكەتان فێر بكات)[١١] .

دینی ئیسلام یان بیروباوەڕە (اثبات الصفات الحسنى لله)، یان كردەوەیە (وەكو نوێژ و زەكات) هەر بەڵگەیەك دینی پێ دابمەزرێت بیروباوەڕی پێ دائەمەزرێت بەهەمان شێوە، لەبەر ئەوەی بیروباوەڕ بەشێكە لەدین . دین ئەچەسپێت بەبەڵگەی یەقینی (قورئان وسوننەتی متواتر) و بەڵگەی صحیح كە متواتر نەبێت لەبەر ئەوەی شەریعەتی ئیسلام گەلێك حوكمی پەیوەست كردووە بە زۆری بەرەو یەقینەوە (غلبة الظن) وەكو فەرموودەی (ابن مسعود) (رضي الله عنه): (فليتحـر الصواب فليتم عليه)[١٢]، وە فەرمودەی (أبي هريرة رضي الله عنه) (إذا وجد أحدكم في بطنه شيئاً فأشـكل عليه أخرج منه شيء أم لا فلا يخرجن من المسجد حتى يسمع صوتاً أو يجد ريحاً)[١٣].

واتە: ئەگەر یەكێك گومانی بۆ پەیدا بوو بە هۆی پێچێكەوە دێت بەسكیدا ئایا دەست نوێژی شكاوە یان نا، با لە شوێن نوێژەكەی نە جوڵێت و نوێژەكەی نەبڕێت تادەنگێك دەبیستێ یان بۆنێك دەكات. لێرەوە مانەوەی لە نوێژدا دوای دروست بوونی گومانێك ئەگەڕێتەوە بۆ زۆری گومانی كە دەست نوێژی نەشكاوە، بۆیە كردەوە بەگومانی پێشووی ناكات.

---

١٠- (أخرجه الدارمي في السنن رقم:٣٢١).

١١- (رواة مسلم: ٨).

١٢- (متفق عليه).

١٣- (مسلم).

بەڵگەی یەقینی قطعی و غلبة الظن هەمووی بە علم ناوی نراوە .

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فإنْ علمتموهن مؤمنات فلا ترجِعوهن إلى الكُفار﴾ [المتحنة: ١٠] .

زانیاریمان بەکەسێك کە بانگەشەی ئیمان بکات یەقینی نییە بەڵکو ئەگەڕێتەوە بۆ زۆری گومانی خێر (غلبة الظن) .

هەروەها شوێن کەوتنی بۆ چونی (الأرجح) لە صحیح دانان و ضعیف کردنی سەنەد، یان شوێن کەوتنمان بۆ بەڵگەیەك لە مەتن دا لە شوێن کەوتنمانە بۆ چاکتر کە خوا فەرمانی پێ کردووە کە ئەویش زانیارییە، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿واتبعوا أحسن ما أنزلَ إليكُم من ربكُم﴾ [الزمر: ٥٥].

زانای بەناوبانگ (إبن تيمية) (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (واتە: هەموو چاکەیەك کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە، زانیاریش فەرمانی پێ کراوە، هەروەها فەرموویەتی: بەهۆی ئەو زانیارییەوە دەتوانیت بگەیتە أرجح ئەمەیش شوێن کەوتنی زانیارییە نەك گومان، ئەمەش شوێن کەوتنی بۆچونی چاکترە، وەکو خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿فخذْها بِقُوة وأمر قَومك يأخذُوا بِأحسنِها﴾ [الأعراف: ١٤٥].

وەدەفەرمێت: ﴿الذين يستمعونَ القَولَ فَيتبِعونَ أحسنه﴾ [الزمر: ١٨].

وەدەفەرمێت: ﴿واتبِعوا أحسن ما أُنزلَ إليكُم من ربكُم﴾ [الزمر: ٥٥].

پاشان فەرموویەتی: ئەگەر بەڵگەیەکیان أرجح تر بوو شوێن کەوتنی ئەو (أرجح)ە چاکترە، ئەمەش ئاشکرایە)[١٤].

هەندێك لە بیدعەچییەکان بەهەڵەدا براون کە بەمەرجیان گرتووە بەڵگەی چەسپاندنی بیروباوەڕ هەرهەمووی دەبێت(قطعي يقيني )بێت نەك(غلبة الظن) ئەم بۆچونەیش هەڵەیە ولەچەند روویەکەوە زانایانی باوەڕدار روونیان کردۆتەوە وفەرموویانە:

١- پێغەمبەرﷺ کە معاذی نارد بۆیەمەن پێی فەرموو: دڵنیابە دەچیتە ناو نەتەوەیەکەوە کە جولەکەو گاورن، بایەکەم فەرمانت لە بانگەوازتدا بریتی بێت لە بانگ کردنیان بۆئەوەی بە تەنهاو بەحق زاتی الله بپەرستن.

لەم فەرموودەیەدا ئاشکرایە کە معاذ تەنها خۆیەتی، واتە: خەبەری متەواتر نییە لەگەڵ ئەوەیشدا کە پێغەمبەرﷺ رازی بوو بە چەسپاندنی بیروباوەڕ بەیەك کەس کەواتە (غلبة الظن) بەسە بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕ .

---

١٤- (مجموع الفتاوى: ١٣/ ١١٤).

٢- باسمان کرد کە بیروباوەڕ لە دینە، کەواتە: هەر بەڵگەیەك کە دینی پێ بچەسپێت بیروباوەڕیشی پێ دەچەسپێت بەبێ جیاوازی، هەرکەسێکیش جیاوازی بخات پێویستە بەڵگەی پێ بێت کە پێی نییە.

٣- هەموو کردەوەیەکی چاك لە دیندا بیروباوەڕ دەگرێتە خۆی بۆنمونە: سیواك کردن کە کردەوەیەکە لەهەمان کاتدا بیروباوەڕە، چونکە بیروباوەڕمان وایە کە سیواك کردن سوننەتە، چونکە ئەگەر بیروباوەڕت وانەبێت کە سیواك کردن سوننەتە سیواك کردنەکەت بەکارێکی شەرعی دانانرێت، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بیدعەچییەکان ئەو بەڵگانەی کە (غلبة الظن)ە وەری دەگرن بۆ چەسپاندنی کارێکی شەرعی کە بیروباوەڕ نەبێت، بەڵام ئەگەر بیروباوەڕ بوو وەری ناگرن ئەمەیش بۆچونی دژوارە کە تێی کەوتوون ورزگاریان نابێت تا ئەو بۆچونەیان هەبێت.

**دوو تێبینی بەسود:**

١- زانای بەناوبانگ إبن تیمیە (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: (تایبەت کردنی علم لە قطعیات زاراوەی متکلمینە
( ئەوانەی عەقڵ پێش شەرع دەخەن)[١٥].

٢- لەشەرعدا ظن بەمانای یقین هاتووە، وەکو خوای گەورە دەفەرمێت:
﴿الذين يظُنونَ أَنهم ملاقُو ربهم﴾
[البقرة: ٤٦].

لەم ئایەتە پیرۆزە ظن مانای یەقینە، هەروەها لەشەرعدا ظن بەمانای گومان (وهم) هاتووە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنْ يتبِعونَ إِلا الظن وإِن الظن لَا يغنِي من الْحق شيئًا﴾ [النجم: ٢٨].

لەشەرعی خوادا بە خراپی باسی کەسانێك نەکراوە کە شوێنی ظن الغالب بکەون بەڵکو بە خراپی باسی ئەوانە کراوە کە شوێنی گومان- وهم- دەکەون بۆ بەرپەرچ دانەوەی بەڵگە شەرعییەکان.

**بنچینەی سێیەم:**

زانینی مانای إجماع وبەشەکانی وهەندێك کاری گرنگ کە پەیوەندی بە إجماعەوە هەیە:
گرنگترین بەڵگەی شەرعی کە بنچینەی بیدعەچییەکان هەڵئەوەشێنێتەوە بریتییە لە الإجماع کۆی زانایان، لەبەر ئەوەی بیدعەچییەکان وکلکەکانیان بۆچونیان بەرامبەر الإجماع دوو جۆرە:
**جۆری یەکەم:** بەرهەڵستی دەکەن وبەبەڵگەی شەرعی دانانێن، سەرکردەی ئەم بۆچونەیش(النظام المعتزلي)یە.

---

١٥- (الإستقامة: ١/٥٤).

زانای بەناوبانگ لای قوتابی عیلم (إبن قدامة) (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (ئەم فەرموودانەی کە بەردەوام ئاشکرایە لە نێوان هاوەڵان وشوێنکەوتوان کردویانە بەبەڵگە لەسەر چەسپاندنی بەڵگەی شەرعی کە (الإجماع)ە، هیچ کەسێك پێچەوانەی ئەم فەرموودانەی نەکردووە تا رۆژگاری (النظام) نەبێت)[١٦].

زانای بەناوبانگ (إبن تيمية) (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: ( الإجماع بەڵگەیەکی شەرعیيە لای هەموو زانایان(الإجماع وهو متفق عليه بين عامة المسلمين من الفقهاء والصوفية وأهل الحديث والكلام وغيرهم في الجملة، وأنكره بعض أهل المعتزلة والشيعة)[١٧].

**جۆری دووەم:** بەئاشکرا بەرهەڵستی ناکەن بەڵام بەکارێکی ناگونجاوی دادەنێن ودەڵێن نابێ، وەکو (أبو بكر الباقلاني) دەڵێت: (لا ينعقد الإجماع مع مخالفة العوام)[١٨].

ئەم بۆچونەیش ئەوە دەگەیەنێت کە إجماع بونی نیيە ونابێت.

(أبو الخطاب الكلوذاني) وەڵامی ئەم قسەیە دەداتەوە ودەڵێت: (کەسانی ئاسایی پێویستە لەسەریان گوێڕایەڵی زانا تێکۆشەرەکان بکەن کە خۆیان ماندوو کردووە لە رێگەی تێگەیشتنی دیندا، بۆ کەسانی ئاسایی نیيە پێچەوانەی زانایان بکەن بە بۆچونی تاك ڕەوانەی خۆیان.

هەرکاتێك زانایانی سوننی کۆبوون لەسەر حوکمێك ئەو حوکمە بۆ هەموو خەڵکە وکەسانی ئاسایی لەناو خەڵکدا جێگەیان دەبێتەوە، ئەو یەك دەنگیەی زانایان (إجماع)ە، لەبەر ئەوەی پاڵپشتی إجماعیان بەڵگەی شەرعیيە کەسانی ئاسایی توانای بەڵگەیان نیيە بۆیە گوێ بە بۆچونی بێ بەڵگەیان نادرێت و وەکو منداڵ وشێت حسابیان بۆ دەکرێت)[١٩].

(إمام إبن قدامة) (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: (ئەم بۆچونەی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ بەتاڵ کردنەوی  إجماع لەبەر ئەوەی ناگونجێت قسەی هەموو نەتەوەی ئیسلام یەك بگرێت لەیەك ڕووداودا)[٢٠].

چاوەڕوانی بەشی دووەم بن لە ژمارەی داهاتوودا بە پشتیوانی خوای گەورە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

---

١٦- (روضة الناظر: ٤٤٨/٢).

١٧- (مجموع الفتاوى: ٣٤٨/١١).

١٨- (الإحكام في أصول الأحكام).

١٩- (التمهيد: ٢٥١/٣).

٢٠- (روضة الماظر: ٤٥١/٢).